# وانەی ٦٥:  پزیشکی مەزن

مەرقۆس ١ و ٢

وەك تۆ دەزانی، لە گەشتەکەمان لە نووسراوە پیرۆزەکان، ئێستا لە ئینجیل دیراسەت دەکەین. ئەمە ئەو پەرتوکە پیرۆزەیە کەوا باسی مزگێنی خۆشی دەکات دەربارەی مەسیح هاتە جیهان بۆ ئەوەی منداڵەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە دەسەڵاتی شەیتان و گوناە. لە وانەی ڕابردووماندا، خوێندمانەوە کە عیسای مەسیح دەستی کرد بە سەردانی شارەکان، خەڵکانی فێر دەکرد و هەموو نەخۆشییەك و پەتایەکی ناو خەڵکی چاك دەکردەوە. ناوی بڵاوبووەوە لە خاکەکەدا.

ئەمڕۆ بەردەوام دەبین لە گێڕانەوەی چیرۆکی عیسای مەسیح بۆ ئەوەی ببینین چۆن فێرکردنەکان و ئیشەکانی جیاواز بوون لە هەموو ئەوانەی پێش ئەو. عیسا ژنی نەهێنا بوو، ماڵی نەبوو، سامانی دنیایی نەبوو. ئەو تاك بوو لەنێوان پیاواندا. تەنها یەك شت گرنگ بوو لای ئەو: ئیرادەی ئەو کەسە جێ بە جێ بکات کەوا ئەوی نارد، و ئەو ئێشە تەواو بکات کە خودا پێی سپاردبوو.

لەئینجیل مەرقۆس بەشی یەکەم، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەرقۆس ١) [21] ئینجا **(عیسا و قوتابییەکانی)** چوونە **(شاری)** کەفەرناحوم. لە کاتێکدا شەممە بوو چووە کەنیشت و دەستیکرد بە فێرکردن. [22] لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون، چونکە وەک دەسەڵاتدارێک فێری دەکردن، نەک وەک مالمەکان. [23] لەپڕ لە کەنیشتەکەیان یەکێکی لێبوو ڕۆحیپیسی تێدابوو، هاواری کرد، [24] وتی: (عیسای ناسیرەیی، چیت لێمان دەوێت؟ هاتووی لە ناومان ببەیت؟ دەتناسم تۆ کێیت، پیرۆزەکەی خودایت!) [25] عیسا لێی ڕاخوڕی و فەرمووی: (بێدەنگ بە! لێی وەرە دەرەوە!) [26] ڕۆحە پیسەکەش خووگرتی کرد و هاوارێکی بەرزی لێ هەڵستا و لێی هاتە دەرەوە. [27] هەموو سەرسام بوون و کەوتنە پرسیار لە یەکتری: (ئەمە چییە؟ فێرکردنێکی نوێیە بە دەسەڵاتەوە! فەرمان بە ڕۆحیپیسیش دەکات و گوێڕایەڵی دەبن.) [28] یەکسەر ناوبانگی بە هەموو ناوچەی دەوروبەری جەلیل بڵاوبۆوە.

فێرکردنەکانی عیسا زۆر جیاواز بوون لە فێرکردنەکانی مامۆستاکانی یاسا و یاخود مامۆستا ئایینیەکان. هەموو ئەوانەی گوێیان ڕاگرتبوو لە عیسا لە کەنیشت (کە شوێنێکی تایبەت بوو بۆ پەرستن و ڕێنمایی لە نووسراوە پیرۆزەکان) سەرسوڕماو بوون لە ووشەکانی لەبەر ئەوەی ئەو بە دەسەڵاتەوە فێری دەکردن، کە مامۆستای یاساکانی ئەوان نەیانبوو.

دەربارەی مامۆستایانی یاسا دەزانن. ئەوان دەبوایە تەورات و زەبوورەکان و پەرتوکەکانی پێغەمبەرانی تر ڕوون بکەنەوە. بەڵام زۆربەیان نەیاندەتوانی بەشێوەیەکی باش نووسراوەکانی پێغەمبەران شی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی لێی تێنەگەیشتن! هەموو ئەرکە ئایینیەکان و داب و نەریتی باووباپیرانی خۆیان دەزانی، بەڵام ووشەی پەروەردگاریان نەدەناسی. شارەزا ئایینیەکان ناوی خودایان بە دەم بەرز ڕادەگرت، بەڵام ووشەی ئەویان خۆش ناویست. بۆیە، کاتێ عیسا، دارتاشی هەژارەکە، چووە ناو کەنیشتەکە و دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی نووسراوە پیرۆزەکان بە دەسەڵات و ڕوونی، ئەم مامۆستایانە زۆر شەرمەزار بوون. و بۆ زیاتر سەر شۆڕییان، خەڵکەکەی لەناو کەنیشتەکە زۆر سەرسوڕماو بوون بە ووشەکانی عیسا و ئیشەکانی و لە یەکتریان دەپرسی، (ئەمە کێیە؟ ئەم فێرکردنە نوێیەی لە کوێوە هێناوە؟ چۆن دەتوانێ بەم جۆرە دەسەڵاتەوە فێربکات؟ تەنانەت فەرمان بە ڕۆحی خراپ دەدا، و ئەوانیش بەگوێی دەکەن! هەرگیز شتی وامان نەبینیوە! کەس تائێستا وەك ئەم پیاوە فێرکردنی نەکردووە! کەس تائێستا شتی وای نەکردووە وەك ئەمەی ئەم!)

بەڕاستی، لەو ڕۆژەی ئادەم گوناهی کرد تا ئەو ڕۆژەی عیسا دەستی کرد بە پشان دانی موعجیزەکان، خەڵکی کەسی وا بە هێزیان هەرگیز نەبینی بوو. بەڵام ئێستا یەکێك دەبینن کەوا دەتوانێ بە تاقە ووشەیەك وا لە شەیتان و جنۆکەکانی هەڵبێن لە دەستی! تەنها ئەو مەسیحەی لە ئاسمان هات بوو دەیتوانی شتی وا بکات! ببنیت جنۆکەکەی ناو پیاوەکە چی بە عیسا ووت؟ هاواری کرد و ووتی،

(عیسای ناسیرەیی، چیت لێمان دەوێت؟ هاتووی لە ناومان ببەیت؟ دەتناسم تۆ کێیت، پیرۆزەکەی خودایت!) جنۆکەکان دەیانزانی عیسا لە کوێوە هات بوو و کێ بوو. بەڵام، زۆربەی خەڵك نەیاندەزانی عیسا کێیە. شەیتان و فریشتە خراپەکارەکانی زۆر زۆر ترسان لە پەروەردگار عیسا، لەبەر ئەوەی بێ گومان بوون لەوەی ئەو ئەو ووشەیەیە کە خودا ئاسمان و زەوی پێی درووست کردووە لە سەرەتادا. دەیانزانی کە عیسا ئەو کەسە پیرۆزەیە کەوا دەسەڵاتی هەیە فرێیان بداتە ناو ئاگری تاهەتایی! لەبەر ئەوە بوو لە ترسان دەلەرزین لەگەڵ بیستنی ناوی عیسا.

ئێستاش، با بەردەوام بین لە ئیجیلی مەرقۆس لە بەشی یەکەم. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەرقۆس ١)
٢٩ ئەو کاتەی (پاشان عیسا و قوتابییەکانی) کەنیشتەکەیان بەجێهێشت، لەگەڵ یاقوب و یۆحەنا چوونە ماڵی شیمۆن و ئەندراوس.
٣٠ خەسووی شیمۆن لەناو جێگا کەوتبوو، تای هەبوو، خێرا باسی ئەویان بۆ عیسا کرد. ٣١ ئەویش هات، دەستی گرت و هەڵیستاندەوە.
تایەکە بەریدا و دەستیکرد بە خزمەتکردنیان. ٣٢ ئێوارە داهات و ڕۆژ ئاوابوو، هەموو نەخۆش و کەسێکیان بۆ هێنا ڕۆحیپیسی
تێدابێت. ٣٣ هەموو شارەکە لە بەردەرگا کۆبوونەوە. ٣٤ زۆر نەخۆشی بە جۆرەها دەردەوە چاککردەوە، زۆر ڕۆحیپیسیشی دەرکرد و
نەیهێشت ڕۆحەپیسەکان بدوێن، چونکە ناسییان. ٣٥ بۆ بەیانی هێشتا تاریک بوو، هەڵستا و چووە شوێنێکی چۆڵەوانی و لەوێ
دەستیکرد بە نوێژکردن. ٣٦ شیمۆن و ئەوانەی لەگەڵی بوون بە شوێنیدا گەڕان ٣٧ کە دۆزییانەوە پێیان وت: (هەموو بە دواتدا
دەگەڕێن.) ٣٨ پێی فەرموون: (وەرن با بڕۆینە دێیەکانی دەوروپشت، تاکو لەوێش جاڕبدەم، چونکە بۆ ئەمە هاتووم.) ٣٩ جا چوو تاکو لە
هەموو جەلیلدا لە کەنیشتەکانیان جاڕبدات و ڕۆحیپیس دەربکات. ٤٠ ئینجا پیاوێکی گول هاتە لای و لێی پاڕایەوە، چۆکی دادا و
پێیووت: (ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت پاکم بکەیتەوە.) ٤١ عیسا دڵی پێی سووتا و دەستی درێژ کرد، دەستی لێدا و پێی فەرموو:
(دەمەوێت. پاکببەوە!) ٤٢ یەکسەر گولییەکەی لێبۆوە و پاکبۆوە.

بەو شێوەیە عیسا خەڵکی لە هەموو نەخۆشییەك و دەردێك چارەسەر دەکرد، و بەزەیی بە نەوەکانی ئادەم نیشان دەدا، لەبەر ئەوەی ماندوو و بێ چارە بوون وەك مەڕی بێ شوان. بەڵام هۆیەکی تر هەبوو بۆ ئەو هەموو موعجیزانەی عیسای ئەنجامی دان. عیسا هەموو جۆرە نەخۆشییەکی چاك کردەوە و جنۆکەی لە خەڵکی دەردەکرد بۆ ئەوەی بۆ نەوەکانی ئادەم بیسەلمێنێ کە ئەو مەسیحەیە کە خودا بەڵێنی هاتنی دابوو زۆر لەوە پێش لەسەر زاری پێغەمبەرەکانی. بۆ نموونە، خوێندمانەوە کە پێغەمبەر ئیشایا سەدان ساڵ پێش لەدایك بوونی عیسا نووسی کە کاتێ مەسیح دێت، (چاوی نابیناکان دەکرێتەوە و گوێی کەڕەکان دەکرێتەوە. ئەوسا شەل وەک ئاسک باز دەدات و زمانی لاڵ هاواری خۆشی دەکات!) (ئیشایا ٣٥: ٥، ٦) بەم ووشانە، پێغەمبەر ئیشایا ڕایگەیاند کە مەسیح موعجیزەی وا دەکات کە کەس هەرگیز نەیکردبێ. پێشتر بینیمان چۆن خودا توانای ئەنجامدانی موعجیزەی مەزنی دا بە موسا و ئیلیا. بەڵام ئەو موعجیزانەی ئەوان ئەنجامیان دا زۆر کەم بوون بەرامبەر ئەوانەی مەسیح ئەنجامی دان. هەروەها، موسا و ئیلیا هیچ هێزێکی خۆیان نەبوو بۆ ئەوەی ئەو موعجیزانە ئەنجام بدەن. بەڵام عیسای مەسیح پڕ بوو لە هێزی خودا، لەبەر ئەوەی خۆی خودی هێزی خودایە!

بەردەوام دەبین لە ئینجیلی مەرقۆس، بەشی دوو، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مارقوس ٢) ١ پاش چەند ڕۆژێک عیسا هاتەوە ناو
کەفەرناحوم، جا بیسترا کە لە ماڵەوەیە. ٢ خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە، بە شێوەیەک لەبەردەرگاش شوێن نەما. ئەویش بە وشەکە بۆیان
دەدووا. ٣ ئیفلیجێکیان هێنایە لای، بە چوار کەس هەڵیانگرتبوو. ٤ بەڵام لەبەر خەڵکەکە نەیانتوانی بیبەنە لای عیسا. جا سەربانی ئەو
شوێنەیان هەڵگرت کە ئەوی لێبوو، کونێکیان کردەوە و نوێنەکەیان شۆڕکردەوە کە ئیفلیجەکەی لەسەر بوو. ٥ کاتێ عیسا باوەڕی
ئەوانی بینی، بە ئیفلیجەکەی فەرموو: (کوڕم، گوناهەکانت بەخشران.)

٦ هەندێک مالمیش لەوێ دانیشتبوون، لە دڵی خۆیاندا بیریان دەکردەوە: ٧ (بۆچی ئەمە ئاوا دەدوێت؟ کفر دەکات! بێجگە لە خودا کێ
دەتوانێت گوناه ببەخشێت؟) ٨ یەکسەر عیسا بە ڕۆحی خۆی زانی لە دڵی خۆیاندا ئاوا بیر دەکەنەوە، پێی فەرموون: (بۆچی لە دڵتاندا

بیر لەم شتانە دەکەنەوە؟ [9] کامیان ئاسانترە، بە ئیفلیجەکە بڵێی: (گوناهەکانت بەخشران،) یان بڵێی: (هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ)؟ [10] بەڵام تاکو بزانن، کوڕی مرۆڤ لەسەر زەوی دەسەڵاتی گوناه بەخشینی هەیە،...) بە ئیفلیجەکەی فەرموو: [11] (پێت دەڵێم: هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ ماڵەوە.) [12] ئەویش یەکسەر هەڵستا و نوێنەکەی هەڵگرت و لەبەرچاوی هەموویان چووە دەرەوە. بە شێوەیەک هەموو سەرسام بوون و ستایشی خودایان کرد، وتیان: (هەرگیز شتی وامان نەبینیوە!)

لەم گێڕانەوەیە، دەبینین کە هێزی عیسا تەنها بەوە سنووردار نەبوو جەستەی یەکێکی نەخۆش چاك بکاتەوە، بەڵکو هێزی چاککردنەوەی دڵی گوناهباری کەسەکە چاك بکاتەوە! عیسا، کەوا پزیشکی مەزن بوو، زانی کەوا کێشەی سەرەکی ئەو پیاوە ئیفلیجە پێیە ئیفلیجەکەی نەبوو، بەڵکو ئەو گوناهەی لە دڵی دابوو. لەبەر ئەوە عیسا یەکەم جار پێی فەرموو، (کوڕم، گوناهەکانت بەخشران.)

مالمەکان بیریان لە چی دەکردەوە کاتێ عیسا وای فەرموو؟ لەگەڵ خۆیاندا دەیان ووت، (عیسا کفر دەکات! کەس ناتوانێ لە گوناه خۆش بێت تەنها خودا نەبێت!). بیرەکانیان بەشێکی ڕاست بوو و بەشێکی ساختە بوو. ئەوە ڕاستە کە کەس ناتوانێ لە گوناه خۆش بێت تەنها خودا نەبێت. بەڵام، کاتێ مالمەکان پێیان وابوو عیسا کفر دەکات هەڵەیان کرد چونکە ئەوەی ئەوان لێی تێ نەگەیشتن ئەوە بوو کە عیسا ئەوە شەفیعە بوو کە خودا ناردیە خوارەوە بۆ جیهان بۆ ئەوەی گوناهباران پاك بکاتەوە لەگەڵ خودا. عیسا ووشەی خودا بوو، بۆیە کاتێ عیسا فەرمووی، (گوناهەکانت بەخشران.) ئەوا خودا خۆی فەرمووی (گوناهەکانت بەخشران!) پەروەردگار عیسا دەنگی خودا بوو لەسەر زەوی! و نەك تەنها ئەوە، عیسا ئەو کەسە بوو کە دەبوایە لەدایك بێت و ژیانی خۆی ببەخشێ وەك قوربانییەکی تەواو کە سزای گوناه لادەبات تاهەتا. وەك چۆن باوکێك دەسەڵات دەدات بە کوڕی ئیشی بۆ بکات و لەباتی ئەو قسە بکات، بۆیە خودا دەسەڵاتی لێ خۆش بوونی گوناهی بەخشی بە عیسا. لێ خۆش بوونی گوناه تەنها لە پەروەردگار عیسادا دۆزراوەتەوە. بەڵام مالمەکان باوەڕیان بەوە نەبوو. بۆیە، با بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئایەتەکانی پاشتر: کە عیسا لەوێ تێدەپەڕی، پیاوێکی بینی لە شوێنی باجگری دانیشتبوو، ناوی مەتا بوو. پێی فەرموو: (دوام بکەوە.) ئەویش هەڵستا و دوای کەوت.) (مەتا ٩: ٩) کاتێ لە ماڵی ئەو دانیشتبوو زۆر لە باجگران و گوناهباران لەگەڵ عیسا و قوتابییەکانی لەسەر خوان بوون، چونکە زۆر بوون و دوای کەوتبوون. کاتێ مالمە فەریسییەکان بینییان وا لەگەڵ گوناهبار و باجگران نان دەخوات، بە قوتابییەکانیان وت: (بۆچی لەگەڵ باجگر و گوناهباران نان دەخوات؟) کە عیسا گوێی لێبوو، پێی فەرموون: (لەشساغ پێویستی بە پزیشک نییە، بەڵکو نەخۆش. نەهاتووم ڕاستودروستان بانگ بکەم، بەڵکو گوناهباران.) (مەرقۆس ٢: ١٥–١٧)

بەو ووشانە، عیسا، پزیشکی مەزن، ویستی بە مالمەکان نیشان بدات کە ئەوان نەخۆشن بەرامبەر خودا لەبەر گوناهەکانیان. بەڵام ئەم مامۆستا ئایینیانە گوناهی خۆیان نەدەزانی. لە ڕاستیدا، ڕەخنەیان لە عیسا گرت لەبەر ئەوەی نانی لەگەڵ باجگران و ئەوانەی بە (گوناهبار) ناسرابوون دەخوارد. بەڵام، بوون لەگەڵ گوناهباران و چاککردنەوەیان لە گوناهەکانیان ئەو هۆیەیە کەوا عیسا بۆی لەدایك بوو!

ئەی دەربارەی تۆ، دەزانی کە ئێمە لەدایك بووینە بە نەخۆشییێکی سامناك بەناوی گوناه؟ ئەو گوناهەی ناو ئێوە هۆی ئەوەیە کە دەبێت بمری و ڕوو بە ڕووی دادوەری خودای پیرۆز. بەڵام ستایش بۆ خودا، یەکێك هەیە کە دەتوانێ چاکت بکاتەوە لە گوناهەکانی ناو دڵت! دەزانی ئەو کەسە کێیە؟ بەڵێ، عیسای مەسیحە — ئەوەی بێ گوناه بوو و هاتە جیهانەوە لە پێناو ڕزگار کردنی نەوەکانی ئادەم لە گوناهەکانیان. بەڵام، پێش ئەوەی پەروەردگار عیسا بتوانێ دڵتان چاك بکاتەوە لە گوناهەکان، دەبێت لەپێشان بزانن کە نەخۆشن بە گوناه. تەنها ئەوانەی دەزانن کە نەخۆشن دەچنە لای پزسیشك. بە هەمان شێوە، تەنها ئەوانەی دەزانن گوناهبارن ڕوو لە عیسا دەکەن، ڕزگار دەر لە گوناه. عیسا بۆ ئەو کەسانە نەهات کەوا پێیان وایە ڕاستودرووستن، بەڵکو بۆ ئەو کەسانەی دەزانن کە گوناهبارن.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بە ووردی سەرنجی ووشەکانی پەروەردگار دەدەیت کە بە مالمەکانی فەرموو:

**لەشساغ پێویستی بە پزیشک نییە، بەڵکو نەخۆش. نەهاتووم ڕاستودروستان بانگ بکەم، بەڵکو گوناهباران!** (مارقوس ٢: ١٧)



©

## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. گوێت لێ بوو جنۆکەکەی ناو پیاوەکە چی بە عیسا ووت؟
٢. مالمەکان بیریان لە چی دەکردەوە کاتێ عیسا وای فەرموو؟
٣. ئەی دەربارەی تۆ، دەزانی کە ئێمە لەدایك بووینە بە نەخۆشییێکی سامناك بەناوی گوناه؟
٤. دەزانی ئەو کەسە کێیە کە دەتوانێ چاکت بکاتەوە لە گوتاهەکانی ناو دڵت؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org